# ئەوەی خوای گەورە خێری بۆی بوێت؛ ئەوا تووشی تاقیکردنەوە وناخۆشی دەکات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی خوای گەورە خێری بۆی بوێت؛ ئەوا تووشی تاقیکردنەوە وناخۆشی دەکات».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات ئەگەر خوای گەورە خێری بوێت بۆ یەکێک لە بەندە ئیماندارەکانی ئەوا تووشی تاقیکردنەوەی دەکات لە نەفس وماڵ وخێزانیدا، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بەندە هانا وپەنا ببات بۆ الله بە نزاکردن، وهۆکارە بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکان، وبەرزبوونەوەی پلەکان.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee